بەرنامەکانی دەوڵەت دەتوانێت کاریگەر بێت لەسەر دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەی تۆ. بۆ زانیاری چڕتر دەربارەی ئەوەی کە تۆ چۆن دەتوانی پاڵپشتی خۆت بۆ NHS general practice دەرببڕی، تکایە ئەم نامیلکە بخوێنەوە.

## 60 ـەمین ساڵهاتی دامەزرانی NHS GENERAL PRACTICE پیرۆز بێت!

**دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەی تۆ پێویستی بە پاڵپشتی تۆ هەیە - تکایە بۆ دەربڕینی پاڵپشتی خۆت کارتەکە واژۆ بکە.**

ئەمساڵ، NHS 60ـەمین ساڵهاتی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێت. بۆ ماوەی 60 ساڵ، دەرمانگەکانی پزیشکی گشتی ناوچەکە خزمەتی چاودێری تایبەتیان بۆ تۆ و خێزانەکەت هەر لە نزدیکی خانووەکەتان دابین کردوە وە ئەم دابینکردنەش لە ڕێگای کەسانێکەوە بووە کە تۆ دەناسن وە لە بارودۆخی تەندروستی تۆ ئاگادارن.

بەڵام ئێمە زۆر نیگەرانین کە بەرنامە نوێکانی دەوڵەت بۆ گۆڕانی شێوازی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی گشتی مەترسی بخاتە سەر ئەو خزمەتگوزاریە و تەواو و کۆگرانەی چاودێری بۆ نەخۆشەکان کە لە لایەن دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەی ئێوە دابین دەکرێت.

## هەڕەشە لە سەر دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەی تۆ

**بەکارگرتنی هەژمارێکی زۆرتر لە کۆمپانیا بازرگانیەکان**
زۆربەی چالاکیەکانی پزیشکی گشتی NHS بە شێوەی سەربەخۆ لە لایەن پزیشکە گشتیەکانی ناوچەکە بە نوێنەرایەتی نەخۆشەکانیان بەڕێوە دەچێت. بەڵام، ئێستا دەوڵەت هانی کۆمپانیا بازرگانیەکان ئەدات کە دەرمانگەی پزیشکی گشتی دامەزرێنن.

ئەم کومپانیانە پێش هەموو شتێک لە بەرانبەر پشکدارەکانی خۆیان بەرپرسن نەک لە بەرانبەر نەخۆشەکان.

ڕەنگە لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانیەکان گرێبەستی کورتماوە ببەسترێت. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زیاتری پزیشکەکان وە ناردنی تۆ بۆ لای پزیشکانێک کە ڕەنگە تۆ نەناسن وە پێداویستیە درێژخایەنەکانی تەندروستی تۆ ئاگادار نەبن. ئەمە بۆ نەخۆشەکان زیانی هەیە.

**نەخۆشخانە گشتیەکان**
دەوڵەت پلانی داڕێشتووە بۆ ئەوە 250 ناوەندی تەندروستی گەورە و نوێ – کە زۆربەی کات پێیان دەگوترێت دەرمانگە گشتیەکان – لە سەرانسەری بریتانیا دامەزرێنێت لە جیاتی تەرخانکردنی بودجە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر لە دەرمانگەکانی پزیشکی ناوچەیی.

دامەزراندن و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە گشتیەکان خەرجی زۆرە وە لە زۆرێک لە بوارەکان دا هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نیە کە نیشان بدات دانانی ئەم دەرمانگەیانە پێویستە.

ئەم ناوەندانەی تەندروستی ڕەنگە تا 25 پزیشکی گشتی لە خۆیان بگرن، وە ئێمە نیگەرانین کە ڕەنگە نەخۆشەکان ئەو پەیوەندیە شەخسیە لە دەست بدەن کە ئاساییانە لەگەڵ پزیشکی ئێستای خێزانی خۆیان هەیانە.

ئێمە نیگەرانین کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانە دا زۆرێک لە ناوەندەکانی پزیشکی گشتی ناوچەکە لە ناو بچن. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە بودجەکانی NHS دەبێت بە شێوەیەکی باشتر خەرج بکرێن بۆ پەرەدان بە ئەو خزمەتگوزاری سەرکەوتوانەی کە لە دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەی ئێوە پێشکەش دەکرێت.

**بۆچی ئێمە ئەوەندە نیگەرانین؟**
ئێمە دەمانەوێت تۆ بە دەستی ئەو پزیشکە گشتیانە دەرمان بکرێی کە تۆ وەکوو نەخۆش دەبینن نەوەکوو کرێار.

ئێمە دەمانەوێت دەوڵەت:

- دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەخۆشەکان باشتر بکات لە ڕێگای سەرمایەگوزاری زیاتر لەسەر ئەو دەرمانگەیانەی پزیشکی گشتی کە ئێستا هەن وە پارە بەفیرەوە نەدات بۆ دامەزراندنی ئەو نەخۆشخانە گشتیە نەخوازراو و ناپێویستانە
- بەرنامەکانی خۆی بۆ هاندانی کومپانیا بازرگانیەکان لە بۆ دامەزراندنی ناوەندگەلی پزیشکی گشتی ڕابگرێت

**بە واژۆکردنی کارتی 60ـەمین ساڵهاتی دامەزرانی NHS General Practice پاڵپشتی خۆت لە دەرمانگەی پزیشکی گشتی ناوچەکەت دەربڕە!**

ئێمە زۆر نیگەرانین، وە هەر لەبەر ئەمە خەریکی کۆکردنەوەی واژۆین بۆ سکاڵایەکی نیشتمانی کە دەوڵەت ناچار بکات بە گۆڕینی پلانەکانی.

ئێمە سکاڵای خۆمان لە مانگی جوون لەگەڵ **کارتی 60ـەمین ساڵهاتی دامەزرانی NHS General Practice** ئەدەین بە سەرۆک وەزیران.

**ئەگەر تۆ ناتەوێت ئەم گۆڕانکاریە ڕوو بدات – خەڵک ئاگادار بکەوە!**

تەنها سەرۆک وەزیران نیە کە دەبێت ئاگاداری بکەینەوە.

- بە هاوڕێکان و ئەندامانی خێزانی خۆت بڵێ وە داوایان لێ بکە ئەوانیش ئەم سکاڵایە واژۆ بکەن
- نامە بنووسە بۆ تراستی چاودێری سەرەتایی ((Primary Care Trust (PCT) کە خزمەتگوزاریەکانی NHS لە ناوچەکەی ئێوە ڕێک دەخات.
- نامە بنووسە بۆ نوێنەری خۆتان لە پارلەمان
- نامە بنێرە بۆ شۆرای ناوچەکەتان (بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆمیتەی چاودێری و ئاسایشی تەندروستی)
- نامە بنێرە بۆ ڕۆژنامەکان یان پەیوەندی بکە لەگەڵ وێستگەی ڕادیۆی ناوچەکەتان بۆ ئەوە پێیان بڵێی کە چەندە پاڵپشتی دەکەی لە دەرمانگەی پزیشکی ناوچەکەت.

**نامەی تۆ دەخوێنرێتەوە و بیروڕاکانی تۆ دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری!**

**زانیاری زیاتر**
ئەگەر ناونیشانی پەیوەندی لەگەڵ ئەم گروپانەت دەوێت، تەنها لە بەشی ڕیسێپشن داوا بکە، یان لەجیاتی ئەمە سەردانی ماڵپەڕی www.supportyoursurgery.org.uk بکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر.
یان لەگەڵ پزیشکەکەت قسەبکەکە خۆشحاڵ دەبیت وڵامی هەموو پرسیارەکانی تۆ بداتەوە.

به پاڵپشتی ئەنجومەنی پزیشکی بریتانیا و سندوقی پشتگیری لەپزیشکانی گشتی